# کێ حکومەتە؟

**شادمان مەلا حەسەن**

گەر کەسێکی بەسەلیقە و بێ ئیش و خوێندەوار و شارەزابێت و گەشتێك بەم ولاتەی خۆماندابکات و بگەڕێت و بچێتە ناو خەلك بەشێوەیەکی گشتی و پاشان بچێتە لای ئەوانەی بەرپرسن .یان زۆربەی کاتی خۆی بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان و گوێگرتن و سەیرکردنی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت تەرخان بکات ،ئەوکات تێدەگات لەم ولاتەدا کەناوی هەرێمی کوردستانە حکومەت کێیە .یان کێ حکومەتە .میللەتی ئێمە لەمیژووی نزیکدا دەولەت و حکومەتی خۆی نەبووە .بۆیە زۆربەی کات دژی دەسەلات بووە ،یان لێی ترساوە ,حکومەتی بەهەموو شتێك داناوە .بەزۆریش خەلکی هاوزمان و هاونەتەوەی خۆی حوکمڕانی نەکردوە .بۆیە هەرکاتێ عەرەبێك هاتبێتە ناوچە و شار و گوندەکەی ئەوە بەحکومەتی زانیوە .هەرئەمەشە وایکردوە هەموودەم ئەفرادی داگیرکەرەکانی کوردستان بەحکومەت بزانێ واتە بۆتە بەشێك لەکەلتوری میللیمان .کەچی ئێستا دوای 16سال لە حوکمی خۆمالی حکومەت لای زۆرکەس هەرحکومەتی بەغدا حکومەتە .بەلام ئەوەی کرۆکی باسەکەی ئێمەیە ئێستا لەم کوردستانەدا دەمی هەر کەسێك بکەیتەوە دەلێ پێویستە حکومەت ئەوە بکات و ئەوە بکات .ئەم دەربڕینانە بۆ هاولاتیەکی سادە و بێ وەزیفە زۆر ئاساییە بیلێ ,چونکە پێویستیەکانی ژیانی وادەخوازێت و مافی خۆشیەتی داوابکات ,لەکاتێکدا دەنگی پێداوە و قوربانی بۆ داوە .دوای ئەوەش ئەرکی حکومەتە خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاولاتیانی بکات و پارێزگاری لەئەمن و ئاسایشیان بکات و عەدالەتی کۆمەلایەتی لەنێوانیان پەیڕەو بکات .

ئێستا لەم هەرێمی کوردستانە لە پۆلیسێك یان لە فەرمانبەرێك بپرسی تا دەگاتە بەڕێوەبەرێکی ناحیە و قائمقام و پارێزگار و بەڕێوەبەرێکی گشتی و وەکیل وەزیر و وەزیریش کاتێ قسەدەکەن وەك کەسێکی ئۆپۆزیسۆن و ڕەخنەگر لەدەسەلات قسەدەکەن ,زۆرجار خەڵکی بالاتریش بەهەمان نەفەس ڕەخنە دەگرن .ئەوە لەو وەزیر و ئەندام پەرلەمانانە مەپرسن کە ئێستا خانەنشین کراون ولەپۆستەکەیاندا نەماون .سەری زمان و بنی زمانیان ئەوەیە کەوا حکومەت نازانێ کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەببات .جارانیش خۆی حکومەت بوو کاتێ قسەی دەکرد .دونیای دەکردە بەهار .بەلام ئێستا چونکە ئەو نەماوە بۆیە حکومەت و دەسەلات وا ئیفلیج و گەندەل بووە و نازانێکاروباری ولات بەڕێوە ببەن.

لـــــــــێرەدا: ئەوەی تێبینی دەکرێ لەبەرئەوەی کورد حکومەت و دەولەتی خۆی نەبووە و هەمیشە دەسەلاتی بەوە تاوانبار کردوە کەوا دژی میللەتەو تەنها ئاگای لەخۆیەتی ،بۆیە ئەوەندە ڕەخنەی لێدەگری و بەسەرچاوەی نەهامەتی دەزانی ,هەروەها دەسەلاتی خۆمالیش تازەیە بۆیە لەزهنیەتی زۆر لەمرۆڤی کورد ئەوە چەسپیوە کەوا کورد هی دەولەتداری نیە .لەلایەکی تر کەلتوری بەعسیش ئەوەبوو دەولەتی کردبووە سەرچاوەی هەموو شتێك بەباش و خراپ .مووچە و پاداشت هەرلای دەولەت بوو سزاو لێپێچینەوەش هەر لای خۆی بوو ,بۆیە خەلك وای لێهاتووە حکومەت بەسەرچاوەی هەموو شتێك دابنێت .بەلام ئەوەی سەیرە قسەی بەرپرسەکانی خۆمانە ،نازانم بەڕێوەبەرێکی ناحیە یان قائمقام و پارێزگارەکان کێ دەستیانی گرتووە گەر کاربکەن و پڕۆژە و خزمەتگوزاری پێشکەش بەخەلك بکەن .ئێمە حزبی ئۆپۆزیسۆنمان نیە هەرچی حزبی گەورە ومامناوەندی هەیە لە حکومەتە ,کەچی هیچیان دیفاعێکی ئەوتۆ لەحکومەت ناکەن .ناشبنە ئۆپۆزیسۆنی تەواو ,شەڕلەسەر نیو کورسیش دەکەن .جێگای خۆیەتی لەکوردستان حکومەت ببێتە حکومەت گوێ بگرێت لەخەلك و لایەنی تری سیاسی و میدیا ئازادەکان ,بەلام تەسلیم نەبن و دیفاع لە حکومەت و دەستکەوتەکانیان بکەن ,و خۆیان بەحکومەت بزانن .چونکە دەبێ لەم پرسیارە بترسن کاتێ خەلك ڕووبەڕویان دەکاتەوە بۆ نایکەن پۆستێکتان وەرگرتووە و چۆلی ناکەن بۆ خەلکی تر .بەکورتیەکەی کەم کەس هەیە لەناوکورد لەحکومەت ڕازی بێت یان بۆ ئیش وکار خۆی بەحکومەت بزانێ .بەلام بۆ پۆست و مووچە و ئیمتیازات ئەوە هەمووی حکومەتە و کوڕی حکومەتە .بۆیە ئەمڕۆ لەکوردستان کەس لەحکومەت گوناهتر نیە .هەمووی قسەی پێدەلێ و کەسیش لەسەری ناکاتەوە و بلێ حکومەتەکە ئەوەندە خراپ نیە کەوا ئێوە باسی دەکەن .کەواتە لەکوردستان کێ حکومەتە ؟وەلامەکە لای حکومەتە ئەگەر زمانی هەبێ و جورئەت بکات و بلێ فەرموو ئەوە من حکومەتم چیتان لێم دەوێ ,ئەوکات دەزانرێ کێ حکومەتە ؟؟؟